## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی گشتیی قوتابیانی کوردستان لە بنکەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ٢شەممە ڕێکەوتی ٨٤/١٢/٢٩ هەیئەتێکی یەکیەتیی گشتی قوتابیانی کوردستان (مەکتەبی سکرتاریەت) پێکهاتوو لە بەڕێز محمد چۆمانی سکرتێری ڕێکخراو، سۆران محمد بەرپرسی پێوەندیەکان و دیار عەزیز بەرپرسی لقی زانکۆی سەلاحەدین سەردانی بنکەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هاوڕێیان ڕەحمان سەلیمی سکرتێری یەکیەتیی لاوان، ڕزگار ئیبراهیم زادیان، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان، ئاگری باڵەکی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن، ئاوارە جەلالی، حامد مورادی ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەسڵی و ڕێبوار قادر زادە هەژار ڕەحیمی ئەندامانی جێگر و لوقمان عەبدوڵڵا زادە ئەندامی موشاویری بەڕێوەبەری و هەروەها هاوڕێ شۆڕش غەفووری سەرنووسەری گۆڤاری لاوان پێشوازییان لێکرا.

کۆبوونەوە سەعات ١٠:٣٠ سەر لە بەیانی دەستی پێکرد و سەرەتا وەفدی میوان لە لایەن خانەخوێوە بە خێرهاتن کران و دوو لایەن کورتەیەک چالاکی و تێکۆشانی و سەرکەوتنەکانی خۆیان خستنە بەر باس و پاشان گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لە سەر کێشەی لاوانی کورد و قەیرانی شوناس و هەڵوێستی لاوان سەبارەت بە دام و دەزگا حکومی و دەسەڵاتدارەکان کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ٢سەعاتی خایەند هەردوو لایەن لە سەر پتەوتر کردنی پێوەندییەکان و هەروەها هاوکاری لە سەر پرۆژەی هاوبەش جەختیان کردەوە.

---



## سەردانی هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوی چالاکیی لاوان

ڕۆژی ٤شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١/٢٦ هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی لاوان پێکهاتوو لە هاوڕێیان ڕەحمان سەلیمی سکرتێری گشتی، دارا ناتق، ئاوارە جەلالی و ڕزگار ئیبراهیم زادیان ئەندامانی بەڕێوەبەریی گشتی و هاوڕێ سیروان عەبباسی ئەندامی چالاکی لاوان بە چاوپێکەوتنێکی ڕەسمی سەردانی بنکەی ڕێکخراوی چالاکی لاوان لە شاری سلێمانییان کرد و لە لایەن هاوڕێیان عطا عزیز محمد بەرپرسی گشتی و شێروان مجید نامق مودیری پرۆژەکان و شاڵاو محمد احمد ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی ئەم ڕێکخراوەیە پێشوازیان لێکرا.

لەو دانیشتنە دا کە ٢ سەعاتی خەیاند سەرەتا دوو لایەن کورتەیەك لە مێژووی ڕێکخراوەکانیان خستە بەر باس و هەیئەتی یەکیەتی لاوان ئاماژەی بە وەرگێرانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ڕێکخراوی جیهانی Iusy کرد و ئەو دەسکەوتەی بەرز نرخاند و پاشان لە سەر چۆنیەتیی چالاکییەکان و گرینگیی بایەخدان بە ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە دنیای ئەمڕۆدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرا. هەروەها دو لایەن لە سەر پتەو کردنی پێوەندییەکان و پراکتیزەکردنی کۆمەڵێك پرۆژەی هاوبەش جەختیان کردەوە.

---

## کۆڕێکی شێعر لە ژێر ناوی خۆشەویستیی باران

بەشی ئامووزشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆیدا، ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرامبەر ٢٠٠٦/٢/٢ی زایینی کۆڕێکی شێعریی لە ژێر ناوی "خۆشەویستیی باران" بۆ شاعیران ڕەسووڵ سوڵتانی، حەلیمە ڕەسووڵی، شەریف فەلاح، مریەم حاجی پوور و هیوا میرزایی گێرا. سەرەتای کۆڕەکە کاتژمێری ١٠ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە بە دەف و نەی لە لایەن کاك "فاروق سوولتانی

و كاك ئازاد عەبباسی"یەوە دەستی پێکرد و دواتر هەر کام لە شاعیران بە پەیڤی پڕ سێحری شێعر کۆڕەکەیان هەژاند و باڵندەی شێعریان لە ئاسمانی هەریمی دڵی بەشداربواندا هەڵفڕاند و بۆ کاتژمێرێك هەموو پێکەوە گوێی دڵیان ئەسپار بە پەیڤی ئەوین و جوانی کە هەر کام لە شاعیران لە دەلاقەیەکەوە چوونە ناو دنیای ئەوین و بە موورووی زێڕینی وشە جوانترین ملوانکەی شێعریان بۆ گەردنی خۆشەویستی هۆنییەوە، شایانی باسە کۆڕەکە لە لایەن بەشداربوانەوە بە تایبەت لاوان پێشوازی گەرمی لێکراو سەعاتی ١١:٣٠ کۆتایی پێهات.

---

## بەشداری وەفدێکی لاوان لە ڕێورەسمێك بە بۆنەی کارەساتی قامیشلو و نەورۆز

ژنان، هەلەبجە، نەورۆز، سێ پێکهاتەی لێك گرێدراون کە هەر یەکەیان پێشوازێك نەهامەت و مەینەتییەکان و لە هەمان کاتدا سەرکەوتن و ڕەوایی نەتەوەکەمان دەخەنە ڕوو. سێ بنەمای گرینگ کە شوێن پەنجەی هەر یەکەیان لە خەباتی نەتەوایەتی کورددا بەر چاوە. هەر بەم بۆنەیەوە زانکۆی کۆیە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٣/١٤ مەراسمێکی لە کۆلێژی پەروەردە پێك هێنا کە لەوێدا پاش خوێندنەوەی پەیامی سەرۆکی زانکۆ، کۆمەڵێك پەیام شێعر و پەخشان خوێندرایەوە. پێویست بە ئاماژە کردنەکە هەیئەتی نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوان کە بریتی بوون لە حامد مرادی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و پەیمان بابایی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەری لەم مەراسمە دا بەشدار بوون و پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "حامد مرادی" خوێندرایەوە.

**میوانانی بەڕێز، خوێندکارانی خۆشەویست!**

ڕێگامان پێ بدەن کە لەم هەلە ڕەخساوە دا ئەمەگناسی خۆمان ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست بکەین.

خۆشەویستان، بێ گومان دەربڕینی هەست لەم ڕۆژەدا و بە چەند بۆنەی جیاوازەوە کە هەر کامەیان گرینگی و قورسایی خۆی هەیە دژوارە. لە لایەك ئەم ڕۆژانە وەبیر هێنەرەوەی خەبات و تێکۆشانی یەکێك لە سەرەکی ترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگە واتە ژنانە، ڕەگەزێك کە گیرۆدەی کۆمەڵێك بەربەست و لەمپەر بووە کە هێزیان لێ بڕیوە، کە چی بەردەوام شەری مانەوەو سەپاندنی کۆت و بەندەکان دەکات لە لایەکی دیکەوە خەبات و بەربەرەکانی نەتەوەیی، لە هەڵەبجەوە بگرە تا قامیشلوو. کارەساتی هەڵەبجە کە بێ گومان لە هزری هەر تاکێکی کورد دا بەردەوام وەك بیرەوەرییەکی تاڵ لە پیاسەدایە. کارەساتێك کە هەر تاکێکی کورد بە پیستنی موچڕکەیەك لەشی دادەگرێت و بێزی لە مرۆڤایەتی هەڵدەستێت، کارەساتێك کە لە لایەك ئەدگاری نەتەوەیی کوردی بریندار و ماتەمین کردووە و لە لایەکی دیکەوە بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی جینایەتێکی ترسناك و بنەمایەك بۆ سەلماندنی نەتەوەییمان دژی ڕەگەز پەرەستان و تاریکخوازان. خۆشەویستان لە هەمان کاتدا، چەژنی نەرۆزمان لە پێشە، بۆنەیەك کە پێناسەیەکی بەهێزی بوونی نەتەوەییمانە. بۆنەیەك کە مزگێنیدەری بەردەوام بوون و هیوادار بوونمان بە ژیانە. و بەم دیوی دیکەش دا ئاماژەیەکە بە گۆڕەپانی تەرمی دزێوی نەریتخوازی و سەرەڕۆیی.

لە کۆتایی دا ئاواتەخوازین کە بتوانین بە پێ هەڵسەنگاندن و هەست پێ کردنی بە ڕۆڵی ئەرێتی و کارئامای خۆمان لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە ئەرکی نەتەوەیی و مرۆڤی خۆمان بە ئەنجام بگەنین. لە بیرمان نەچێ کە ئێمەین هێزی گۆران و یاخی کۆمەڵگە. کە وابوو دەبێ نرخی بۆ بدەین و خۆمانی پێوە ماندوو بکەین.

بە سوپاسەوە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٠٠٦/٣/١٤

## خۆپیشاندانی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و دێموکراتیەکان لە باشوری کوردستان بۆ پشتگیری لە کوردەکانی باکوور



ڕۆژی ٤شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٤/١٢ کۆمەڵێك ڕێکخراو و سەندیکای کوردستانی لە بەر دەم پارلمانی کوردستان ئامادە بوون و بە پێشکەش کردنی بەیاننامەیەك بە پارلمانی کوردستان پشتگیری خۆیان لە کوردەکانی باکوور ڕاگەیاند. لەو حەرەکەتە مەدەنیانەدا هاوریانی بەشداربووی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بریتی بوون لە **ئاگری باڵەکی** بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و **شۆرش غەفووری** سەرنووسەری گۆڤاری لاوان بەشدار بوو. پێویستە بگوترێ ئەو خۆپێشاندانە هێمنانەیە لە لایەن دوکتور کەماڵ کەرکووکی و شاندێك پێشوازی لێکرا. نوێنەرانی بەشداری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێیان ئاگری باڵەکی ئەندامی بەڕێوەبەری و شۆڕش غەفووری سەرنووسەری گۆڤاری لاوان بوون. سەرنجتان بۆ دەقی بەیاننامەکە لە خوارەوە ڕادەکێشین:

### بەیاننامەیەك لە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و دێموکراتیەکان لە باشوری کوردستانەوە دژی پێشێلکاریەکانی حکومەتی تورکیا

- بەڕێز سەرۆکی کوردستان
- بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق
- بەڕێز پەرلەمانی کوردستان
- بەڕێز حکومەتی هەرێمی کوردستان
- بەڕێز نەتەوە یەکگرتوەکان(UN)
- بەڕێز یەکیەتیی ئورووپا

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە پێی زەمەن لە لایەن دوژمنانیەوە چەوسێندراوەتەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی بکات. هەمیشە ڕێگای مەدەنیانەی گرتۆتە بەر و لە بەرامبەر دا دوژمنان بە چەشنێکی نا مرۆڤانە وڵامیان داونەتەوە تەنانەت لە بۆنە و یادەکانی نەتەوەییش دا لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕۆژە خۆشەکان دا یادی کردبێتەوە ئەوە ئەو مافەشی لێ سەندراوەتەوە، نموونەشمان جەژنی نەورۆزی نەتەوەییە کە لەوەتەی کورد هەیە ئاگری نەورۆز دەکاتەوە بۆ گوزارشت کردن لە زیندوو کردنەوەی ئەو بۆنە نەتەوەییە، ئەم ساڵیش لە باکووری کوردستان کوردانی باکوور ئەم یادەیان لە ژێر دەستەیی و لە ژێر ستەمی تاکڕەوانەی تورك ڕێگەیان لێ گیرا دواجار تووڕەیی کوردان وای لێهات رابوون و ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی لێ بێتە دروست بوون و کە بە دوژمنان بڵێین ئێمە نەتەوەیەکی ٤٠میلیۆن کەسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین. تا وەکوو ئێستا مافە نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کولتووریەکانمان پێشێل کراوە.

ئێمە ئەو ڕێکخراوانەی کە ناومان لە خوارەوە هاتوە کە نوێنەرایەتی هەر یەکە لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەکەین، بە توندی ئەو پێشێلکاریانەی حکوومەتی تورکیا پڕۆتستۆ دەکەین کە بەرامبەر براکانمان لەو پارچەیەی

کوردستان دەکرێ لە گرتن و راوەدوونان و کوشتن و تەنانەت کیمیاباران کردن و تێرۆر و هەموو چەشنە ناحەقیەکی دژ بە مرۆڤایەتی.

لێرەوە داوا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا و وڵاتانی ئورووپا و حکوومەتی تورکیا دەکەین کە بە زووترین کات چارەسەرییەك بۆ بارودۆخی سیاسی و ناوخۆیی تورکیا بکرێت بە تایبەتی لە کوردستانی باکور و حکوومەتی تورکیاش دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دابنێت و چیتر پێشێلی مافە رەواکانی کورد نەکرێت.

ئێمە کە ٢٤ رێکخراو و سەندیکا و یەکیەتی و سەنتەری کۆمەڵگای مەدەنین کە ناومان لە خوارەوە هاتوە، داوا لە حکوومەتی تورکیا و نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرن لە ماوەیەکی زوو دا بێنە جێبەجێ کردن:

١. ئەو کوردانەی لە چەند رۆژی رابردوودا دەستگیر کراون ئازاد بکرێن.

٢. بە پەلە بریندارەکان لە نەخۆشخانەکان دا چارەسەر بکرێن و مامەڵەی مرۆڤانەیان لە گەڵدا بکرێت.

٣. داواکاریە رەواکانی خۆپێشاندەران گوێ لێبگرن و کێشەی سیاسی باکووری کوردستان بە زووترین کات بە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.

سڵاو لە خۆڕاگری کوردانی باکووری کوردستان!

بژی کورد، بژی کوردستان!

ناوی رێکخراو و سەندیکا و سەنتەرە ئامادەبووەکان

١. یەکێتی قوتابیانی کوردستان

٢. رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان



٣. رێکخراوی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سەربەخۆی کوردستان

٤. سەنتەری خامە بۆ راگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان

٥. یەکێتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان

٦. یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

٧. پێشەنگی خویندکاران و لاوانی کوردستان

٨. مامۆستایانی پیشەیی

٩. یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٠. رێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان

١١. رابوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان

١٢. یەکێتی خوێندەڤانانی رۆژئاوای کوردستان

١٣. نوێنەرایەتی قوتابیانی رۆژهەڵاتی کوردستان

١٤. لێژنەی قوتابیانی باکووری کوردستان

١٥. سەنتەری میدیا

١٦. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

١٧. یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان

١٨. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

١٩. یەکێتی قوتابیان و لاوانی کلد و ئاشور

٢٠. یەکێتی ئافرەتانی دێمۆکراتی کوردستان

٢١. کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

٢٢. رێکخراوی کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان

٢٣. رێکخراوی کوردستان بۆ پەرەپێدانی مەدەنیەت

٢٤. قوتابیان و لاوانی رۆشنبیری تورکمان

---

## بەڕێوەچوونی كێبەركێیەكی گۆڵی بچووك لە لایەن كۆمیتەی ناوەندی ٢ی یەكیەتیی لاوان

یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران - كۆمیتەی ناوەندی ٢ بە بۆنەی پشوودانی نیوەی ساڵی خوێندن كێبەركێیەكی‌گۆڵی بچووكی بۆ لاوانی ئەو ناوەندە پێكهێنا. لەو كێبەركێیانە دا كە ٧ تیم بە ناوەكانی كۆمار، چوارچرا، تیشك، میدیا، لاوان، بەردەسوور و زاگرۆس تیایدا بەشدار بوون، لە ئاكام دا تیمی بەردەسوور پلەی یەكەم و تیمی زاگرۆس پلەی دووهەمیان بەدەست هێنا.

هەروەها زانیار رەسووڵ زادە وەك باشترین یاریزان و جەعفەر رەسووڵ پوور وەك باشترین گۆڵزەن ناسێندران.

---

## كۆڕی شێعر لە ناوەندی ٣ی كوردستان

**بەشی ئاموزشی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە درێژەی چالاكییە هونەری و ئەدەبییەكانی خۆیدا و بە مەبەستی بردنە سەری ئاستی زانیاری و گرینگی دان بە توانایی ئەندامەكانی خۆی، سەر لە بەیانی رۆژی هەینی ٢١ی رێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٠ی فێورییەی ٢٠٠٦ زایینی كۆڕە شێعرێكی رازاوەی بۆ شاعێرانی ناوخۆی حیزب لە كۆمیتەی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران سەر بە ناوەندی ٣ی كوردستان رێكخست، لەو كۆڕە ئەدەبییەدا كە رێكخراوی ئازادی لاوانی هەولێر و سەنتەری چالاكی و پێگەیاندنی لاوان - ناوچەی بەرانەتی وەك میوان بەشدار بوون و هەروەها كۆمەڵێك لە كادرو پێشمەرگەكانی حیزب و بنەماڵە بەڕێزەكانیان بەشداری كۆڕەكە بوون و هەركام لە شاعێران: ١- هیوا میرزایی ٢- ئەفرا سیاب گرامی ٣- صوفی ئەحمەد ٤- شەریف فەلاح ٥- رەسووڵ سوڵتانی ٦- رەحیم گەرگوڵی هەركام بە چەند شێعر و هەروەها كاك مستەفا شەریفی - بە كورتە چیرۆكێك كۆڕەكەیان رازاندەوە و بۆ چەند ساتێك بەشداران لە ناو دنیای مەنگی شێعرو بە دەم شەپۆلی وشەی زێڕینەوە مەلەیان لە گەڵ خولیاكانی جوانی دا كردو لە گۆڤەندو شایی شاعێراندا دەست لە نێو دەستی وشەی باڵداری شێعر لە رەشبەڵەكی شاری ئەدەب و شێعر دا بەشدار بوون و گوێی دڵیان سپاردە چرپە نەسرەوەتەكانی دنیای پڕ لە سێحری شێعر، كۆڕەكە كاتژمێری ١٢ی نیوەڕۆ لە نێو ئاپۆڕای شادی و خۆشی بەشدار بواندا كۆتایی پێهات.**

---

## كۆڕێك لە ژێر ناوی "كۆمەڵگا، لاوان و ژنان"

یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، رێكخراوێكی مەدەنییە كە ئەركی سەر شانیەتی بە قولی رۆچێتە نێو كێشەكانی كۆمەڵگاو بۆ چارەسەر كردنیان پلانی هەبێ، دیارە ئەمە زیاتر رەهەندی كۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت. پێویست بە ئاماژە كردنە كە یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی كۆمەڵگای دێموكرات هەبوونی رێكخراوە مەدەنی و سنفییەكانە و ئەركیان پراكتیزە كردنی دێموكراسییە لە نێو لایەنە جۆراو جۆرێكی كۆمەڵگە.

یەكیەتیی لاوانی دێموكراتیش سەرەرای هەبوونی كەندو كۆسپ، بەردەوام و تا ئەو شوێنەی بۆی كرابێ بە دواداچوونی كێشەی لاوانی كردووەو لەم بوارەدا هەنگاوی بۆ هەڵ گرتووە، ئەمەش سەرەرای ئەوەیە كە كێشەی سەرەكی ئێمە كێشەی نەتەوەییە.

بەشی ئامووزشی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بۆ زیاتر بە دواداچوونی كێشەی لاوان و ژنان رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ١٣٨٤/١٢/٤ (٢٠٠٦/٢/٢٣) كۆڕێكی لە ژێر ناوی "كۆمەڵگا، لاوان و ژنان" پێك هێنا. كۆڕەكە ساعەت ١١ی سەر لە بەیانی دەستی پێ كردو ساعەت ١:٣٠ نیوەڕۆ كۆتایی پێ هات.

پێویست بە ئاماژە کردنە کە ئەم هاوڕێیانەی خوارەوە هەر یەکە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە تیشکیان خستە سەر کێشەی لاوان و ژنان و ئەوەی کە زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ڕوانگەی جیاواز و فرەیی ئەم هاوڕێیانەو بەشدارانی کۆڕەکە بوو:

١ـ یاسین حاجی زادە /خوێندکاری ساڵی سێهەمی کۆمەڵناسی

٢ـ کوێستان فتوحی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان

٣ـ ئیسماعیل شەرەفی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان٤ـ شۆڕش غەفوری سەرنووسەری گۆڤاری لاوان و خوێندکاری ساڵی چوارەمی ماتماتیک

٥ـ فاتمە عوسمانی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری لاوان و خوێندکاری ساڵی چوارەمی یاسا

پێشکەش کەری کۆڕەکە "حامد موڕادی" بەرپرسی بەشی ئامووزشی یەکیەتیی لاوان بوو. هەروەها لە بەر هەستیار بوونی کێشەی ئەم دوو ڕەگەزە سەرەکییەی کۆمەڵگەو لە سەر داوای بەشداران بڕیار درا کە لەمە بەدواوە بە شێوەیەکی زنجیرەی و لە ڕوانگەی جیاوازەوە کێشەی لاوان و ژنان بخرێنە بەر باس و گرینگی زیاتری پێ بدرێت.

---

## کۆڕێك لە ژێر ناوی گرینگی سیستمی پەروەردە

حاشا لەوە ناکرێت کە کێشەی پەروەردە و ڕاهێنان و لێك تێگەیشتنی نێوان ئەندامانی بنەماڵە، مامۆستاو قوتابی و هەروەها کردنەوەی دەرگای دیالۆگ بۆ سڕینەوەی دۆردۆنگی و نامۆ بوونی نێوان بەرەکان لە کێشە بنەرەتی و ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای ئێمەن و بێ وازی نواندن لە بەرانبەریان دا کارەسات دەخوڵقێنێ. هەر بۆیە و بەم مەبەستە بەشی ئاموزشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣٦٤/١١/١٨ (٢٠٠٦/٢/٧) کۆڕێکی لە ژێر ناوی "گرینگی سیستمی پەروەردە" بۆیە بەڕێز مامۆستا ناسر سیمای مامۆستای دەروناسی کۆیە و پسپۆر لە بواری ڕاوێژکاری بنەماڵە پێکهێنا.

کۆڕەکە کاتژمێر ١٠ی بەیانی دەستی پێ کرد و کاتژمێر ١٢:٣٠ کۆتایی پێ هات. شایانی باسە کە ئەم کۆڕە لە لایەن بەشداربوانەوە کە بریتی بوون لە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاك مستەما هیجری و کاك محەمەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی، فەرماندە نیزامی ناوەندەکان و بەشە ئامووزشییەکان، مامۆستایان و خوێندکاران و پێشمەرگەو بنەماڵە پێشمەرگەکان، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

---

## بەیانیەی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان

بۆ جارێکی دیکەش دەستی جینایەت و مرۆڤ کوژیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی کردە قوربانیی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی خۆی و پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای دیکەی بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و خەڵکی ئێران و جیهان بە گشتی خستە ڕوو.

تەمەنی ٢٨ ساڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لیپاولیپە لە سەرکوت و کوشتاری خەڵکی مەدەنی و ئێعدام و ئەشکەنجەی ئازادیخوازانی کورد و پێشێل کردنی مافی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ژنان و لاوان بە تایبەتی. سەرەڕای هەموو ئەو ئازار و فشارانەی کە لە سەر دوو توێژی ژنان و لاوان ئەنجام دراوە، ئێستاکەش شاهیدی چالاکی و خەباتی بوێرانە و بەرچاوی ژنان و لاوان لە کوردستان داین، کە زیندانی و ئەشکەنجەی ژنانی چالاك لە بواری ژنان لە چەند ساڵی ڕابردوودا

و ڕژانە نێو شەقامی لاوان لە بۆنە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکان دا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە خەبات بەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی تا دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی و ئینسانییەکان و بەچۆك داهێنانی پەیام هێنەرانی جەهل و تاریکی درێژەی هەیە.

ژنانی خەباتگێڕ و نەترسی کوردستان!

لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کورد!

ڕێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ !

کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان!

هـەروەك ئاگـادارن ڕێـژیمی مـەلاکان لـە درێـژەی سیاسـەتی چەوسـاندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژانی رابـردوودا هێرشێکی زۆر بێ بەزەییانـەیان کردۆتە سەر خەڵکی خۆپێشاندەر لە شارەکانی ماکۆ و پۆلدەشت و شووت، کە بە دەیان کەس لە خەڵکی قارەمان و نیشتمانپەروەری ئەو شارانە بوونەتە قوربانی یان برینـدار بوون و یان براونەتە سیاچاڵەکانی ڕێژیمەوە.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە دڕندانەیە، هاوخەمی و هاودەردی خۆمـان لـە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنـە دەردەبـڕین و داوا لـە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ و هەموو ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان دەکەین کە لە بەرانبەر ئەو حەڕەکەتەی دەسەڵاتدارانی تێرۆریست و کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی کە بە دووره لە هەموو پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و لـە دژایـەتی ئاشکرا دایـە لە گەڵ سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیان، بێدەنگ نەبن و لە هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆیان بۆ پێش گرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوانە کەڵك وەرگرن.

یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٤شەممە ٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٤ی هەتاوی

٢٢ی فێوریەی ٢٠٠٦ی زایینی

---

## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان



بەڕێزان، ئەندامانی ڕێبەرایـەتی، کـادرو پێشـمەرگەکان، ئەنـدامان و لایـەنگرانی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران !

هاونیشتمانە ئازیزەکان و لاوانی بەهەست و نەتەوەپەروەری کوردستان !

سەرەتا بە ناوی سەرجەم ئەنـدامان و لایـەنگرانی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان شەستەمین ساڵوەگەڕی دامـەزرانی کۆمـاری کوردستان لە ئێوە خۆشەویستان پیرۆزبایی دەکەم.

بێگومان مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا بە دەگمـەن وەهـا دەسـکەوتێکی گـەورەو پـڕ شـانازی بـە خـۆوە بینیـوە کـە حیزبـی دێمـوکرات لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دا وەدەسـتیهێناوەو ئـەویش ڕاگەیانـدنی کۆماری کوردستان لە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دا بـوو، کـە هـەر چـەند لـە ناوچەیەکی جوغرافی بەرتەسـك و ماوەیـەکی کـورت دا دەسـەڵاتدارێتی کـرد بـەڵام دەسکەوتە کەم وێنە و بەنرخەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئـەوکاتی کوردی دا وەکوو باری ئەمنی، سیاسی، کـەلتووری و کۆمەڵایـەتی وەرچـەرخانێکی مێژوویی لە مێژووی خەباتی نەتەوایـەتی کـورد بـوو. یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران بەرهەمی تێگەیشتوویی و بـیری مـۆدێرنی ڕێبـەرانی کۆمـار و بـە تایبەتی شەخسی پێشەوا قازی محەمەد، سەرکۆماری کوردسـتانە کـە دوای کـەمتر لە ٢ مانگ لە ڕاگەیاندنی کۆمار، دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان و یەکیـەتیی ژنـانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزرانـد و وەك بناغەدانـەری کۆمـەڵگای مـەدەنی بایەخێکی زۆری پێدان. هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆماری کوردستان نەك لە ئێران دا بەڵکوو لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین دا وەك کیـانێکی سیاسی پێشکەوتوو بناسرێ.

٢ی ڕێبەندان جێژنی نەتەوەیی کوردە، هەرچـەندە زیـاترین شـانازی ئـەو ڕۆژە مەزنە بە بەژنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕاوە.

ئێمە لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ ڕێبەرانی شەهیدی کۆمار پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان ناسرەوین و ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیان فیداییەکین و دڵنیاین لە بەر ڕووناکایی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان کاروانی خەباتمان بەرەو خەونە پیرۆزو لە مێژینەکانی نەتەوەی کورد نزیک و نزیکتر دەبێتەوەو نەوەکانی داهاتوومان لە کوردستانێکی ئازاد و بە دوور لە ستەم و چەوسانەوەدا دەژین.

پێویستە لەو ڕۆژە پیرۆزە دا و لەو تریبۆنەوە بە شانازییەوە پێتان ڕابگەیەنین کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٦ەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کە لە ڕێکەوتی ١٢ تا ١٥ی ژانویەی ئەو ساڵ لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو، وەک ئەندامی چاوەدێری بنەماڵەی گەورەی لاوانی سۆسیالیست لە لایەن کۆنگرەوە وەرگیرا و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و لاوانی کورد بە تایبەتی دەکەین.

بەرزو پیرۆز بێ یادو بیرەوەری ٢ی ڕێبەندان لە نەتەوەی کورد!

پڕ ڕێبوار بێ ڕێگای شەهیدانی نیشتمان تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان!

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی
دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی

---

## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرەتا بە ناوی سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان و هەموو لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کوردستان گەرمترین و ڕازاوەترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بە گشتی و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەین و وەک بەشێک لە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات خۆمان لە جێژنی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو یەکیەتییەدا بە شەریک دەزانین.

ئەمڕۆ یەکیەتیی ژنان لە کات و هەلومەرجێك دا یادی دامەزرانی پیرۆز ڕادەگرێ کە لە لایەك شایەتی بە ئاکام گەیشتنی خەباتی دوورو درێژی ژنان لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان داین و ژنان لە جیهانی پێشکەوتوودا بە بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی خۆیان شاد بوون و نۆرم و بەهاکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە، لە لایەکی دیکەوە ژنانی ئێران و کوردستان لە ژێر سایەی ڕەشی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی دا لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان بێ بەشن.

هەر چەند زەبر و زەنگی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران فاکتەرێکی سەرەکی پێکهێنانی ئەو دۆخە نالەبارە بۆ ژنانن، بەڵام داب و نەریتەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئێمە دا وەك پیاو سالاری بێ سنوور، بێ ئاگایی و بێ سەوادی و باوەڕ بەخۆ نەبوونی ژنانی کورد و زۆر دیاردەی لەو چەشنە هێندی دیکە ژنانی کوردی خستۆتە ژێر تەوژمی مافخوراوی و ستەملێکراوی.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو دۆخە تاڵەی بە سەر ژنان دا زاڵە، ئەرکی ژنانی کورد و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافی ژنان و بە تایبەتی یەکیەتیی ژنای دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەزموونی ٦٠ ساڵەوە لە بەرز کردنەوەی ویست و ئامانجە ڕەواکانی ژنانی کورد و وشیار کردنەوەیان بە نیسبەت مافەکانیان و هەروەها ئاراستە کردنی گوتارێکی بەهێز و پێکهاتە شکێن زۆر ئاستەم و دژوارە. ئەمڕۆ لە جیهان دا زیاتر لە هەموو سەردەمێك ڕێکخراوە سنفی و مەدەنییەکان بایەخیان پێ دەدرێ و وەك هێزێکی پێشکەوتنخواز و کاریگەر لە سەر هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی شوێن پێیان دیارە و لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی

پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکرات و ئازادن و هەر ئەوە قورسایی ئەرکی یەکیەتیی ژنان دەردەخا.

بەو هیوایەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك دیاری بە نرخی کۆماری کوردستان لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ژنان دا سەرکەوتوو بێ.

پیرۆزبێ یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سەرکەوێ خەباتی ژنانی کورد لە وەدەستهێنانی مافەکانیان!

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٤ی رەشەممەی ١٣٨٤ی هەتاوی

---

## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس

هاونیشتمانانی بەڕێز!

ژنانی بە ئەمەگی وڵاتەکەمان!

ڕێگامان بدەن کە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان بە بۆنەی هاتنی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان ئاراستەی ژنانی جیهان بە گشتی و بە تایبەتی ژنانی نەتەوەکەمان بکەین.

بێ گومان حاشا لەوە ناکرێت کە ژنان یەکێکن لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەردەوام سەرەڕای زوڵم و چەوسانەوەی رەگەزی بەرانبەرو دەسەڵاتی نەریتخوازی پیاوان، ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵگە، لە تێکۆشان رانەوەستاون و رۆڵی ئەرێنی خۆیان لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەدا نواندووە. ئەمەش لە کاتێکدایە بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری قەدەغە کراون و خزێنراونەتە نێو قوژبنی ماڵ و کۆشکێکیان لە ترس و تۆقان بۆ خولقاندوون. دیارە قۆناغ بە قۆناغ زیاتر توانیویانە کە هێزو توانایی خۆیان بسەلمێنن، ئەمەش زیاتر لە فەرهەنگی رۆژئاوادا دەردەکەوێ.

بەڵام ژیانی وڵاتی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە ژێر زوڵم و چەوسانەوەی چەند قات دابوون. واتە سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتی ئایینی بە پەیڕەوی کردن لە ئەقڵییەتێکی دوگم کە توانای دەستەبەر کردنی ئازادی و دێموکراسی بۆ مرۆڤ نییە و رۆژ بە رۆژ درێژە بە چەواشەکاری و بەرتەسک کردنەوەی بنەماکانی مافی مرۆڤ بە گشتی و بە تایبەتی ژنان داوە، گیرۆدەی ئەقڵییەتی پیاوسالار لە ژێر چەتری چەقبەستووی ئایین و داب و نەریتی سواوی کۆمەڵگە زیاتر و زیاتر لە پەراوێز دەخرێن و بە نێوی پاراستنی شەرەف و ناموسی کۆمەڵگە سوکایەتییان پێ دەکرێ و خولیا ماندووەکانیان دەسپێرنە ژوانی چاوەڕوانی.

بەڵام هەروەك بە ئاوڕێکی کورت لە مێژووی خەباتی ژنان لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەردەکەوێ، سەرەڕای لاوازی و کەم و کووڕی شیمانەی ئەوە دەکرێ کە سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنن و ژنانی کورد شان بە شانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە پێناوی بە دیهێنانی ئازادی و دەرباز بوون لەو کەش و هەوا تۆقێنەرو دوگمەو دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکان تێ بکۆشن.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی

لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٨ی مارسی ٢٠٠٦

---

## سەردانی وەفدێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی شێرەوەن لە یەکیەتیی قوتابیانی کورستان ـ لقی گەرمیان

ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١/٦ وەفدێکی کۆمیتەی گەرمیانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتبوو لە هاورێیان کیومرث خسروی ئەندامی بەرێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان، اسماعیل پالانی ئەندامی بەرێوەبەریی پێشوو و کادری یەکیەتیی لاوان و هەروەها هاورێیان یوسف ئەلیاسی کادری لاوان و لەیلا سەلیمی و حەسەن مورادی و راشید خسروی ئەندامانی کۆمیتەی گەرمیان بە مەبەستی پتەو کردنی پێوەندییەکان و هاوکاری دوو لایەنە سەردانی بنکەی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان ـ لقی گەرمیانیان کرد. لەم دیدارە دۆستانەیەدا هەر دوو لایەن جەختیان لە سەر پەرەپێدانی پێوەندییەکانیان و بیرورا گۆڕینەوەی بەردەوام لە سەر کێشەی لاوان لەو ناوچەیەو کۆمەڵێك بەرنامەی هاوبەش کردەوە.

## کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری لە ژێر ناوی "دەلاقەیەك بەرەو تەنیایی" بۆ هونەرمەندی لاو بێهرووز ئەدهەمی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی پێشانگایەکی شێوەکاری لە سالۆنی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ هونەرمەندی لاو، بێهرووز ئەدهەمی کرایەوە.

سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی پێشانگاکە لە لایەن بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگر سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە رەسمی کرایەوە و تابلۆ رەنگینەکانی کاك بێهرووز خرانە بەر دیدی بینەرانەوە.

بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی بە دیتنی تابلچۆ و کارە جوانەکانی نێو سالۆنەکە، هونەری ئەو هونەرمەندە لاوەی بەرز نرخاند و ئارەزووی سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات خواست و هەروەها لە پەیامەکەی دا ئەو هەنگاوەی یەکیەتیی لاوانی بە هاندەرێکی باش بۆ راکێشانی لاوان بەرەو هونەر زانی.

ئەو پیپشانگایە کە پێکهاتبوو لە نزیك ٨٠ تابلۆی رەنگر رەوغەن، سیاقەڵم و میداد رەنگی، پێشوازییەکی گەرمی لە لایەن ئەندامانی حیزبی و یەکیەتیی لاوان و بنەماڵەکانیان لێکرا و لە ماوەی دوو رۆژ دا سەرنجی بینەرانی بۆ لای خۆی راکێشا.

پێویستە بگوترێ کە ئەوە پێنجەمین پێشانگای ئەو هونەرمەندە ١٧ ساڵەیە کە لە ٣ ساڵی رابردوودا بەڕێوە دەچێ و لە رۆژانی داهاتووش دا لە شاری کۆیە هەمان پێشانگا دەکرێتەوە

---

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز

لاوان و هاونیشتمانانی خۆشەویست،

لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی ساڵێکی نوێ و نۆژەن بوونەوەی سروشت داین. سەرەتای نوێ پێویستی بە ئاوردانەوەو هەڵسەنگاندنی وردو رەخنەگرانە لە رابردوو وەستان لە سەر لایەنە تاریك و لێڵەکان هەیە. هەر بۆیە رێگا بدەن کە ئاورێکی خێرا لە یەك ساڵی رابردوو بدەینەوەو لایەنە گرینگ و بەرچاوەکانی وەیاد بێنینەوە، بەو هیوایەی کە جێگای سەرنج و ئەزموون وەرگرتن بێ.

ساڵی رابردوو بە گشتی و بە تایبەتی بە نیسبەت کوردەوە ساڵێکی ئاڵۆزو پڕ لە کێشە بوو کوردستان سیمایەکی دیکەی بە خۆیەوە بینی و خەباتی نەتەوایەتی کورد بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا قۆناغێکی نوێی لە خۆ گرت و لەو گرێکوێرەی کە لە مێژ بوو هێژمونی خستبووە سەر کوردستان، رزگاری بوو و ئەو رەنگانەی کە بەردەوام لە کۆرپەییدا دەخنکێندران، تەقینەوەو رێژێمیان خزاندە نێو توندو تیژییەوەو بە شێوەیەکی هیستریایی کەوتە پەلاماردانی خەڵکی کوردستان، بەڵام لە مەهابادەوە تا سنەو، ماکۆ، کرماشان، ئیلام، سەردەشت و پیرانشار سەرتاپاو بەشێوەیەکی بوێرانەو خەباتگێڕانە راپەڕین و شینیان بۆ

شەهیدانیدەستی زۆرداری گێڕاو بەڵێنیان نوێ کردەوە کە بۆ جارێکی دیکە کوردستان بکەنە دۆزەخی دوژمن و دیلانی سەرکەوتن بگێڕن.

ئەمەش لە راستیدا بووە هۆی سەرنجی نێونەتەوەیی و ئەم جوغزەی کە لە مێژ بوو شەرم لە شکاندنی دەکرا کەلێنی تێکەوت و بوو بە پلەیەك بۆ هەڵکشان بەرەو لوتکەی ئیرادە. لە حاڵی حازر دا ئێران چ لە ئاستی دەرەوەو چ لە ئاستی نێوخۆیی دا تووشی قەیرانی رەوایی بووەو لە لایەن زلهێزەکانەوە بە کۆی دەنگ تەوژمی لە سەرە. ئەمەش بە هاتنە سەر کاری پیاوێکی چڵکن و دەمارگرژ چەشنی "ئەحمەدی نژاد" پتر تەشەنەی سەندو تا دێ وڵات بەرەو سەرەتاکانی شۆڕش دەگێڕێتەوەو خەریکە جارێکی دیکە پارادایم و بنەماکانی دەیەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی زیندوو بکرێتەوە، ناوبراو بە ئاخافتن و هەڵوێستی گەمژەیانەی، ئێران بەرەو تەریك بوونەوەی زیاتر پاڵ پێوە دەنێ. روناکبیران، ئازادیخوازان، رۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤ زیاتر دەخرێنە ژێر فشار و هەڕەشە. خەفەقان و سەرکوت ئاسمانی تەماوی وڵاتی گرتووەتەوەو پەتی سێدارەو قوژبنی زیندانەکان زیاتر دەخەملێن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ژێر کاریگەری گلۆبالیزاسیۆن گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە کە دەرەنجامەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە سێزدە وڵات دا بووە کە تاکوو ئێستا ئەزموونی وایان تاقی نەکردۆتەوە، واتە هەرچەند بە کەم و کووڕیش، تەنگ هەڵچنین بە فەندەمێنتاڵ و بناژۆکان و هتد پێکهاتە تۆتالیتارو داخراوەکان بەرەو داوەشان و لێك هەڵوەشان دەچن، ئەمەش هیوایەکە بۆ ئۆگرانی دێموکراسی و ئازادی.

لە کۆتایی دا پڕ بە دڵ پیرۆزبایی هاتنی نەورۆزتان لێ دەکەین و ئاواتمان بەختەوەریو یەکیەتی و یەکریزییە. هیواداریین کە ئەو ساڵ، ساڵی وەدیهاتنی سەرجەم خەونەکانمان بێ.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی
لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ئاهەنگی شایی و هەڵپەڕکێ بە بۆنەی کرانەوەی Tishk TV

رۆژی هەینی رێکەوتی ١٣٨٥/٣/٥ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاهەنگێکی شایی و هەڵپەڕکێیان بە بۆنەی دەست بە کار کردنی کاناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی Tishk بەڕێوە برد.

ئاهەنگەکە سەعات ٥:٣٠ی ئێوارە لە مەیدانی والیباڵی ئازادی بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی پیرۆزبایی هاوبەشی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن سکاڵا حەکیم زادە خوێندرایەوە. لە بەشێك لەو پەیامەدا هاتبوو: هەر بەم بۆنەیەوە یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران جوانترین و رازاوەترین پیرۆزبایی خۆمان لەگەڵ چەپکێك گوڵی بەهاری پێشکەش بەو کەسانە دەکەین کە چەندین ساڵە هەوڵ دەدەن بۆ کرانەوەی کەناڵێکی فەزایی، کاناڵێك کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانەو هەروەها پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی ئەو کەسانەی کە رۆڵەکانیان لە چاڵە رەشەکانی رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی دا بەندکراون و هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی کە ئاواتیان ئەو رۆژە بوو دەکەین.

هەروەها جێی خۆیەتی کە سپاس و پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەو بەڕێزانە بکەین بە ناردنی پەیام لە شارەکانی ئێران و ئوروپاو تورکیە پیرۆزباییان بۆ ئێمە ناردووەو چاوو دڵ روونیان لێ کردووین و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە.

شاعیری بەهەست و نیشتمانپەروەری لاومان رەسووڵ سوڵتانی پەخشانێکی رازاوەی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد کە لەگەڵ پێشوازی گەرم بەرەوڕوو بوو.

دواتر بە هاوکاری هونەرمەندانی کۆرانی بێژ و لاو و هەروەها بەشی هونەری ئاهەنگی شایی و هەڵپەڕکێیەکی گەرم دەستی پێکرد و رێوڕەسمەکە لە نێوان شایی و خۆشییەکی زۆری بەشداربووان پاش ٢سەعات کۆتایی پێ هات.

پێویستە بگوترێ ئەو رێوڕەسمە لەگەڵ پێشوازییەکی کەم وێنەی ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەرەوڕوو بوو.

## سەردانی هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی چالاکی‌یەکانی هاموون

رۆژی ٤ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/٢/١٥ هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان رەحمان سەلیمی سکرتێری یەکیەتیی لاوان و حامید مرادی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و ئاوارە جەلالی ئەندامی بەڕێوەبەری و ئارەزوو نستانی ئەندامی چالاکی یەکیەتیی لاوان سەردانی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی چالاکی‌یەکانی هاموون لە شاری سلێمانی‌یان کرد و لە لایەن بەڕێزان ئاسۆ کاکەرەش سکرتێری کۆمەڵەی چالاکی‌یەکانی هاموون، کەوان جەماڵ بابان بەرپرسی ئیدارەی سکرتاریەت، فاتیح عەبدوڵڵا محەممەد بەرپرسی ناوەندی راگەیاندن، پشتیوان عبدالرحمان بەرپرسی رادیۆی هاموون، پشتیوان سەلیم ئەندامی سکرتاریەت و جوان فاتیح ئەمین، شەهرام محەممەد و هەوار محەممەد ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بە رەسمی پێشوازیان لێکرا .







کۆبوونەوەکە سەعات ١١,٣٠ سەرلە بەیانی دەستی پێکرد و سەرەتا کاک ئاسۆ کاکەرەش بەخێر هاتنی هەیئەتی میوانی کرد و خۆشحاڵی خۆی لەو سەردانە دەربڕی. پاشان کاک رەحمان سەلیمی کورتەیەک لە مێژوو و کارو چالاکی و دەسکەوتەکانی ئەو دواییانەی یەکیەتیی لاوانی خستە بەر باس .

دواتر باسێکی گەرم و تێر و تەسەل لە سەر رێکخراوەکانی لاوانی کوردستان و زەروورەتی پێوەندی و هاوکاری لە نێوان دوو رێکخراوەدا کرا و هەر دوو لایەن لە سەر پتەوکردنی هەرچی زیاتری پێوەندی‌یەکان و هاوکاری لە بواری راگەیاندن و پڕاکتیزەکردنی کۆمەڵێک کاری هاوبەش جەختیان کردەوە.

لەو دیدارە دا کە نزیک ٢ سەعاتی خایاند، پێکهێنانی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە نێوان لاوانی باشوور و رۆژهەڵات بە ئەرکێکی گرینگی رێکخراوەکانی لاوان ژمێردرا.

## سەردانی هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە مەکتەبی سکرتارییەتی یەکیەتی لاوانی دێمۆکرات لە هەولێر






رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٣ی رەزبەری ١٣٨٥ هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوون لە هەوالان رەحمان سەلیمی سکرتێر، دارا ناتق و حامید مرادی ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی و سکالا حەکیم زادە کادری لاوان بە سەردانێکی رەسمی گەیشتنە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی لاوانی دێمۆکرات لە هەولێر و سەعات ١١ی نیوەڕۆ لە لایەن بەڕێزان نجات باپیر سکرتێر، روخۆش سەعید ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشە پێوەندییەکان، مقهر خالق ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی هونەری، وەهاب عبدالباقی ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی وەرزش، رجب حجی ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی دارایی، صابر حسین ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی بەشی راگەیاندن پێشوازییان لێکرا .

لە دانیشتنێکی ٢ سەعاتە دا باس لە سەر کار و چالاکی‌یەکانی دوو لایەن کرا و تێکۆشانی دوو رێکخراوە هەم لە ئاست لاوان و هەم لە هەڵوێست گرتن لە بۆنە نەتەوەیی‌کان دا بەرز نرخێندرا و بە تایبەت هەڵوێستی هاوبەشی ٢٤ رێکخراوەی کوردستانی بە نیسبەت رووداوەکانی ئەو دواییانەی باکووری کوردستان کە هەر دوو رێکخراو تێیدا بەشدار بوون بە نیشانەی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە نێوان لاوانی پارچەکانی کوردستان ناودێر کرا.

هەیئەتی میوان سپاسی بەشداری و ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی لە کۆنگرەی سێهەمی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و هەروەها هەیئەتی خانەخوێ پیرۆزبایی بە ئەندامبوونی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە رێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کرد و بە هەنگاوێکی پیرۆزی بۆ هاوئاهەنگی لاوانی جیهان زانی.

لەو دانیشتنە دا باس لە کۆمەڵێك پرسی رۆژی کوردستان و دۆخی لاوان کرا و هەروەها جەخت کرایەوە کە ئاستی پێوەندییەکان دوو لایەن بچێتە سەرێ .

# لەیادی ٥٩ لاوی مەهابادی

12ی جۆزەردان لە یادەوەریی خەڵکی کوردستاندا وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکی دڵتەزێنە کە بەڵگەیەکی زیندووی خوێنمژی و دڕندەیی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامییە. مێژووی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە دەیان و سەدان جار بینەری مەرگەساتی کوشتن و قەڵاچۆکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بووە.

کارەساتگەلێك کە بەر لەوەی پێشاندەری دیکتاتۆڕی و بێ ڕەحمی حکوومەتانی زاڵ بە سەر وڵاتان دا بێ، ڕق و نەفرەتی ئەو حکوومەتانە لە هەمبەر کورد دەردەخا. کوشتاری خەڵکی قارەمانی سنە، ڕووداوە تاڵەکانی شەڕی ٣ مانگە، کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی قاڕنێ و قەڵاتان، ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد و بە دەیان و سەدان وێنەی دیکەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ژێرپێنانی هەموو یاسا پەسندکراوەکانی نێودەوڵەتی، ناوەڕۆك و سروشتی دژە مرۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیمان بۆ روون دەکەنەوە.

هەرکات دەسەڵاتدارە دیکتاتۆڕەکان نەیانتوانیوە ئیرادەی میللەتان ببەزێنن و دەستەمۆیان بکەن، پەنایان بردۆتە بەر توندوتیژی و کوشتنی بەکۆمەڵ و زیندانی و ئازارو ئەشکەنجەی خەڵك و بە خەیاڵی چەوتی خۆیان هەوڵیان داوە بەو کارە نامرۆڤانەیە پێش بە بیر و هەستی مافخوازی و ئازادیخوازیی میللەتان بگرن. بەڵام مێژوو سەلماندویەتی کە ئەو سیاسەتە نەك هەر نەیتوانیوە هاواری ئازادیخوازیی مرۆڤایەتی کپ بکا، بەڵکوو تێکڕای هاوارەکانی بە یەکەوە گرێداوەو وەك گورزێکی کوشندە بە سەر خودی چەوسێنەراندا دراوەتەوەو تەمەنی دەسەڵاتیانی بەرەو نشێوی نەمان پاڵ پێوەناوە.



ئێستا کە لە ٢٣هەمین ساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی نیشتمانپەروەری مەهاباد داین، دوژمنانی سوێندخواردووی نەتەوەی کورد ئاگادار دەکەینەوە کە تا ئاگری و قەندیل و ئاڕبابا و شاهۆ و دالاهۆ مەتەرێزی خەباتی ڕۆڵەکانی کورد بن، ئاواتی بە چۆك داهێنانی مافخوازیمان لە خەونێك پتر نیە. تا ئازادی، دێمۆکڕاسی و رزگاریی نەتەوەیی رووگەی هەڵوێست و ئاواتەکانمان بن قەت بە هەڕەشە و پڕوپاگەندەی پڕو پووچی بیردۆزەرانی مەرگ و تۆقاندن لە خشتە ناڕۆین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە سەر ئامانج و داخوازە رەواکانمان سوورتر دەبین.

لە یادەوەریی ئەم بیرەوەرییە تاڵە دا لە گەڵ ٥٩ لاوی تێکۆشەری مەهاباد و تێکڕای شەهیدانی ڕێگای رزگاری و سەرفرازی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا دواقۆناغی خەبات و گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن، ڕێبواری بە ئەمەگی ڕێبازە پیرۆزەکەیان بین.

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران**
**١٢ی جۆزرەدانی ١٣٨٤**